# دیموکراسی
## بۆچوونێکی کۆمەڵناسییانەی مێژووییانە

**سەرچاوە:**

فالح عبدالجبار

الديموقراطية

مقاربة سوسيولوجية تاريخية

منشورات: معهد الدراسات الستراتيجية

الطبعة الأولى 2006 بغداد-بيروت

---

ناوی کتێب: دیموکراسی

نووسینی: فالح عەبدولجەبار

وەرگێڕانی: کامیل محەمەد قەرەداخی

بابەت: ڕامیاری

مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عەبدولرەحمان

هەڵەچنی: سازان قادر

تیراژ: 1000 دانە

نرخ: 1000 دینار

ژمارەی سپاردن : (289)ی 2007

چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : یەکەم ساڵی 2008

کوردستان -سلێمانی

www.serdam.net

www.serdam.info

فالح عەبدولجەبار

# دیموکراسی

## بۆچوونێکی کۆمەڵناسییانەی مێژووییانە

وەرگێڕانی
کامیل محەمەد قەرەداخی

سلێمانی- 2008

زنجیره کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

کتێبی گیرفانی ژمارە (94)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

ئازاد بەرزنجی

## ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| پێناسەی دیموکراسی | 7 |
| پێشکەوتن و پاشەکشە لە دیموکراسیدا | 8 |
| سەرچاوە گەورەکانی هەڵگەڕانەوە لە دیموکراسی | 15 |
| بیرکردنەوەیەکی نوێ | 28 |
| پەراوێزەکان | 78 |

## پێناسەی دیموکراسی:-

دیموکراسی سیستمێکی دانسقەی فەرمانڕەواییە. لەم فۆرمە هاوچەرخەیدا بەرهەمێکی چاخی پیشەسازی، یان ئەو چاخی مۆدێرنیتەیەکە بە علیمانیەت و بەشارستانیکردن و لیبرالیزمدا دەناسرێتەوە. سەرهەڵدان و پێشکەوتنی ئەم سەردەمە چەند سەدەیەکی خایاندووە. لەم توێژینەوەیەدا چەند ڕواڵەتێکی مێژوویی ئەم پرۆسە درێژخایەن و ناهاوسەنگ و بگرە تا ئاستێکی ترسناک ناکۆکیش دەپشکنین، بەپشکنینێك کە دەچێتە شێوەی گێڕانەوەی واقعەکان و وردکردنەوەی چەمکەکانەوە.

# پێشکەوتن و پاشەکشە لە دیموکراسیدا

سەرمایەداریی پیشەسازی (چاخی پیشەسازی) لە سەدەی نۆزدەدا، هێشتا دوورگەیەکی بچووکی ناو لرفەی دەریالووشەکانی بەرهەمهێنانی جوتیارانە و بەرهەمی پیشەیی بچووک بوو. هەر بەهەمان شێوەش دیموکراسییەتەکان چەند ناوازەیەکی کەمی ناوەڕاستی چەندان دەریا لووشی سیتمی ئۆتۆکراتی، یان سەڵتەنەتنشین، یان سەربازیی (بریتۆری) و کیانە خێڵەکییەکانی پێش سیاسەت بووە. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا دیموکراتەکان کەوتنە پاشەکشە، هۆکەشی ئەوەبوو، کە چاخی پیشەسازی، ببوە قوربانیی گەشەوکرانەوەکەی خۆی و لە قەیراندابوو. ئەمجا لەبەر ئەوەی کە ئەم جیهانە لە چەندیەکەیەکی بنچینەیی پێکدێت، کە بریتین لە نەتەوەکان، چەند نەتەوەیەك بوونە قوربانیی قەیرانێکی چارهەڵنەگر، و لەو

قەیرانـــەوە چـــەندان هەڵگەڕانـــەوەی گـــشتی (سۆشیالیـــستی)ی هێـــزە چـــەپڕەوەکان، نەتـــەوەیی دەوڵەتیی (1) هێـزە ڕاسـتڕەوەکان بـەرپابوون. ئـەم نەتەوانە دابڕانێکیـان لەگـەڵ نەریتـە لیبراڵییەکانـدا پێکهێنـــا، یـــان نەیانـــدەتوانی ئـــەو دامـــەزراوە دیموکراسییانە بهێڵنەوە کە خۆیان لاوازبوون.

لە ئەنجامی ئەمەوە سیستمە تۆتالیتێرییـەکان و لاساییکەرەوەکانیـــشیان لـــە وڵاتـــانی دەوروبـــەر دەرکـەوتن. لـەو دەمـەدا دیموکراسـی لـە هـەموو جیهانـدا کەوتـە پاشەکـشە لـە سـاڵی (1920)دا زیاتر لە (35) حکومەتی دەستووریی هەڵبـژێردراو هـــەبوون، لـــە ســـاڵی (1938)دا تـــەنها (17) هەبوون. بەڵام لە سـاڵی (1944)دا ولـەناو (64) دەوڵەتی نەتەوەیی نـاو تـەواوی جیهانـدا (12)یـان دیموکراس بوون.

هەڕەشـەی گـەورەی سـەر دیموکراسـی لەلایـەن سیستمە تۆتالیتێرییە ڕاستڕەوەکانەوە هات. بـەپێی

وتەی (هۆبزباوم) لە ساڵانی (1918 – 1920)دا دوو نەتـەوەی ئـەورووپی کۆمەڵـەی یاسـادانانەکانی خۆیانیـان هەڵوەشـاندەوە، لـە بیـستەکانی سـەدەی بیستەمدا شەش دەوڵـەت هـەمان شتیان کـرد، لـە (1930)دا نـۆ دەوڵـەت شـوێنی ئـەو نموونـە وێرانکارییەکەوتن.

داگیرکـاریی ئـەڵمانی زۆری دیموکراسـییەکانی تێکشکاند، ئەوانەی لە ئەورووپادا مابوونەوە بریتیی بـوون لـە: بـەریتانیا، فنلەنـدە، سـوید، سویـسرا و ئێراندە(2).

لە پاش جەنگی جیهانیی دووەمەوە بوونیادنـانی دیموکراسـی بـە هێـزەوە گەڕایـەوە ئـەورووپای ڕۆژهەڵات، وڵاتانی وەکو ئیتاڵیاو نەمسا.

بـەڵام لـە هەمانکاتـدا بەرەوپێشـچوونێکی پێچەوانە لە ڕەوتی فۆرمگرتندا لە ئارادابوو: زنجیرە وەرچـەرخانێکی چـەپڕەوانە کـە لەلایـەن سـوپای

سوورەوە پشتگیری دەکرا لە ناوەڕاستی ئەورووپادا، لاسایی ڕووسیای ستالینییان دەکردەوە. لە ناویشیاندا هەبوو بە خوولگەی ئەڵمانیای نازیدا دەڕۆیشت، لەمەوە، لە پێش و پاش جەنگی جیهانیی دووەمەوە دوو نموونەی کۆمەڵایەتیی ڕاستڕەو، چەپڕەو دروست بوون، کە لەسەر سیستمی دەوڵەتی یەك حزبی مەرکەزی کاریان دەکرد.

لەگەڵ گەرمبوونی شەڕی سارددا، زۆری وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقیا و هەندێ وڵاتی پاش کۆڵۆنیالێزمی لە سیستمە فەرمانڕەوا لیبراڵییەکانی سەردەمی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی و فەرەنسی هەڵدەگەڕانەوەو ڕێگای گەشەپێدانی سیستمگەلێکی سیاسیی نەتەوەیی سەربازیی دەستەڵاتخوازییان دەگرتەبەر(3).

هێزە گەورەکانیش لە بریی خۆشنودیی بیرکردنەوە لە دیموکراسی، بە تەواوی لە ناو

ململانـــەی نێـــوانی لەناوچـــوون و مانـــەوەدا سەرقاڵبوون.

زۆربـــەی کاتـــەکان هێـــزە گـــەورەکان، بـــۆ گەمارۆدانی یەکتری، سـەرقاڵی سـازدانی کودەتـای سـەربازی و پیلانـی سیاسـی و وروژانـدنی پەشـێوی بـوون. لـە سـایەی ئـەم بارودۆخـەدا کـە بـۆ ئـەوە گونجـاوبوو دەســـتەڵاتخوازیی ببێتـــە سیـــستمی فـەرمانڕەوایی، دەسـتەڵاتە خـۆجێی و دەسـتەبژێرە مەدەنی و سەربازییەکانیش لە زۆربـەی وڵاتـە تـازە گەشـەکردووەکاندا دەســـتەڵاتی ســـەرکوتکەرانەی خۆیانیان سەپاند. لەبەرئەوە گەشەی دیموکراسی لـە زۆری وڵاتـــانی (جیهـــانی ســـێیەم)دا بـــەکاری کپکـــەرەوەی هێـــز و فاکتـــەرە خـــۆجێی و جیهانییەکانەە کپکرایەوە.

کەچـی جـارێکی تـریش ئـەوروپا نـاوازەبوو، ئـــەوەبوو لـــە (1974)ەوە سیـــستمە دەســـتەڵات

خوازەکان لە پورتوگال و ئیسپانیا و یۆنـان کەوتنـە لێکترازان، تا لە کۆتاییدا هەڵوەشانەوە.

ئەگەر شەپۆلی دیموکراسی بەسنورداری مایـەوەو بگـرە لـە پـاش جـەنگی جیهـانیی دووەمـەوە (1945) بـەهۆی زۆربـوونی ژمـارەی وڵاتـە نـا دیموکراتەکانەوە تێکشکایەوە، شەپۆلی بوونیادنـانی دیموکراسـی لـە پـاش جـەنگی سـاردەوە (1991) گەورەبوو.

وەك هـانتینگتۆن دەڵـێ، شـەپۆلە نوێیەکـەی دیموکراسی، بەپێـچەوانەی ئەوانـەی پـێش خۆیـەوە، ئەوروپییانـە نـەبوو، بـەڵکو جیهانییانـەبوو، هـەتا (50) نەتـەوەی گرتـەوە، کـە یـەکێتیی شـوورەویی جاران و هاوپەیمانـە ئەوروپییـە ڕۆژهەڵاتیـەکانیان و ئاسـیاو ئـەمریکای لاتـین و ئەفریقاشـی لـە نێواندابوو.(4)

فۆکۆیامـا، بـەپێی ئـەو کەلـەپوورە هێگڵییـەی کەوا لەوەرچەرخان تێدەگات کە پێشکەوتنی ئاوەزە

و پاشانیش ملی ڕێگەگرتنی مێژووە بەرەو کۆتایی خۆیی، بەم وەرچەرخانە مێژووییە خۆشحاڵە ئەو خۆشحاڵییە ئارامییەکیش بوو بۆ گیانی (ئادەم سمیس) بەوەی کە بەرەو پێشچوونی بازاڕەکانەوە بازاڕەکانیشی هێزێکی سازی ئازادکردنن. پێچەوانەی ئەمەوە، هانتنیکتۆن بەپێی بۆچوونەکانی (کلاوزفیتز) وا چەمکی جیهانی نوێی داڕشتەوە، کە شەڕی شارستانییەکانە.

ئێمە ئێستە لە جیهانێکی نوێ، سەدەیەکی نوێداین سەدەی بیست، درەنگوەخت و لە ساڵی (1917)دا لەگەڵ شۆڕشی ئۆکتۆبەردا دەستی پێکرد، بەڵام بەزووییش لە ساڵی (1991) لەگەڵ هەرەسی یەکێتیی شورەوییدا کۆتاییهات (5) سەدەی بیست کۆتاییهات و سەدەی موستەعمەرات و تۆتالیتاری و ئەو دەوڵەتخوازییە فاشیستییەبوو کە لە دژی کەموکووڕییەکان و بڵاوبوونەوەی جیهانی

پیــــشەسازی هەڵگەڕایـــەوە. لەوێـــدا کـــە ئـــەم هەڵگەڕانەوانە بێکەڵك و ئاکام و بگـرە خوێنـاوی و ترسناك دێنە پێش چاو، لـە ڕاستیەکەشـیاندا چـەند ئاماژەیـەکی ئاگادارکـەرەوەی پێویـست بـوون بـۆ ئەوەی کە سیستمی پیشەسازی هاوسـەنگیی نییـە، و پێویستی بەسـەر لـە نـوێ ڕێکخـستنەوە هـەبووە ڕێگەمان بدەن لە نزیکەوە لێی بڕوانین.

## سەرچاوە گەورەکانی هەڵگەڕانەوە لە دیموکراسی:

کۆمەڵگـە پیـشەسازییە نوێیـەکان سـێ گرفتـی سـەرەکییان ئاشـکراکرد: یەکـەمیان دابەشـکردنی ناداد پەرەوەرانەی سەروەت لە کۆمەڵگەدا و بـوونی داخـوران و دابەشـبوونی تونـدودیاری کۆمەڵایـەتی، دووەمیـــان، بـــوونی پەیوەندیگـــەلێکی جیـــاواز و ناهاوســەنگ لــەنێوانی دەوڵەتــە نەتەوەییەکانــدا و دابەشـکردن و جیاکردنـەوەیان بـۆ (بـراوە و دۆڕاو)،

سـێیەمیان سـەرهەڵدانی کۆلۆنیالزمییـەکان، کـە بوونـە هـۆی تـاودانی ئـەو نەزعـە نەتەوەییانـەی کـەڕقیان لـە بێگانـە دەبێتـەوە. لـە خـوارەوە ئـەم ڕواڵەتانە یەك بەیەك باسدەکەین.

لێبرالیزمـی کلاسـیکی جـەختی کردۆتەسـەر ئازادییـە ئـابوری و سیاسـییە تاکـە کەسـییەکان، کەدەبێ لە بەرامبەری دەوڵەتی ئۆتـۆکراتیی دەست تێوەردەری (سەردەمی دەرەبەگایەتی) داپـارێزرێن. لە دوو سەدەی هەژدە و نۆزدەدا بیریارە ئابوریناسـە لیبراڵـەکانی وەك ئـادەم سمیـس ، یـان فیزیۆکراتـە فەرەنسییەکان، بانگەشە و داوای ئازادیی بازرگـانی و ئابوورییان دەکرد، بەڵام هـەر ئەوەنـدە نـەبوو کـە پشتیوانی تەنها لە ئازادیی بازرگانی بکەن، بـەڵکو داوای نـزمترین ئاسـتی دەسـتەڵاتی حکومـەتیان دەکرد. سمیس قـەبارەی حکومـەتی خستۆتە ژێـر

ڕەحمەتی یاساکانی (خستنەبەرچاو و داواکردن — عرض و طلب)ەوە. (6)

لە سەرەتاکانی هەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدەوە بیریارە سیاسییە لیبراڵەکان جەختیان لەسەر مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دەکرد (نمونەی ئەمانە فەیلەسووفەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتین) و جەختیشیان لەسەر پێویستیی بوونی چەند بەڵەنس و هاوسەنگییەك دەکرد بۆ ڕێگەگرتن لە حوکمی ئۆتۆکراتی (حوکمی تاکەکەسی).

تێزەکانی (جۆن لۆك) سەبارەت بە فەرمانڕەوایی هێشتا هەر وەك پرەنسیپە بنچینەییەکانی فەرمانڕەواییکردنی دیموکراسییانە ماونەتەوە: حوکمکردنی ڕەزامەندییانە و حوکمی زۆرینە، هەرچی دابەشکردنی دەستەڵاتەکان و دامەزراوە میانکارەکانیشە، ئەوانەی کە مۆنتسیکۆ لێی کۆڵیونەتەوە، پێکهێنەرە بوونیادگەرییەکانی حوکمی دیموکراسییانە پێکدەهێنن.

له ئـەنجامی پێـشکەوتنی لیبراڵییانـەوە، مـافی هەڵبژاردن لـە سـەرەتاوە درابەچـینە موڵکـدارەکان، بـەڵام پێـشکەوتنی پیـشەسازی چـینە جوتیـار و پیشەییەکانی هەژارتر کرد بە هاوشانی لەگەڵ هزری لیبراڵیزمـدا و، بـەڵام بەپێـچەوانەشیەوە قوتابخانـە (سۆشیالیستییە) کلاسیکییەکان لەسەدەی نـۆزدەدا بەشێوەیەکی ڕادیکاڵییانە (و وابزانم پێش سەردەمی خۆیـشی) پرەنـسیپی لیبراڵیزمیـان لـەناو ئـازادایی سیاسی و یەکسانیدا فراوان کـردەوە و گواسـتیانەوە ناوکایـەی ئـابوری و جـەختیان دەکـردەوە لەسـەر پێکـەوە ژیـان و ململانـەی هاودژانـەی نێـوانی تاکەکـەس و گروپـەکان یـان نێـوانی بەرژەوەنـدیی تایبەتی و گشتی. هەروەها هێرشیان کردەسەر ئـەو ڕێـسا کۆمەڵایەتییـە بەرتەسـکەی دیموکراسـیی سـەدەی نـۆزدە، کەچـینی چـوارەمی لـە توێـژە شارۆچکەنـشین و بـێ موڵکـەکان جیـاکردەوە و

ژنانیـــشی لــه بەشـــداریکردنی سیاســـییانە دوورەپەرێزخست.

قوتابخانــه دیموکراســـییەکان گرنگییـــان بەدابەشـکردن و ڕێکخـستنی دەسـتەڵاتی سیاسـی دەدا، بــــەڵام قوتابخانـــه کۆمەڵییـــەکان (سۆشیالیـستیەکان) گرنگییـان بەدابەشـکردنی دەستەڵاتی ئابوری (سەروەت) دەدا.

کاتێك کە پەیوەندییەکانی دەسـتەڵاتی سیاسـی لەسـەر دابەشـکردنی سـەروەتی کۆمەڵایـەتی بەرقەراربوو، ئـیتر حـوکمی زۆرینـه و حـوکمکردنی ڕازیمەندانە ماناکانی خۆیانیان لە بەرژەوەنـدیی ئـەو کەسـانە لــە دەسـتدا کــە دەسـتیان بەسـەر سەروەتەکاندا گرتبوو.

قوتابخانـەی کۆمـەڵی هـەوڵی بـۆ چارەسـەرێکی ڕادیکاڵییانـەی تۆباوییانـە دەدا: هەڵوەشـاندنەوەی موڵکدارێتیی تایبەتی و دەوڵەت بەمانا مارکسی، یان ئاژاوەگێڕییەکەی. بۆیە کاتێك کە ئـەم مێـژووە

بەیاد دەهێنینەوە، دەبینین ڕەخنەگرتنی قوتابخانەی کۆمەڵی لە سەرمایەداری، لەسەدەی نۆزدەدا و هەڵگەڕانەوەکەشی لەدژی ئەو لەسەدەی بیستەمدا (شۆڕشی ڕووسیای 1917) لیبرالیزمی پیشەسازیی ناچارکرد کە هەندێکی ڕێساکانی خۆی هەموار بکاتەوە، وەك پێکهێنانی سیستمی دابینکردنی کۆمەڵایەتی (واتە ئەوەی کە پێیدەوترێت: دەوڵەتی خۆشنوودی) و دەستوەردانی دەوڵەت لە ئابووریدان وەك ئەوەی لە ڕۆژگاری (ڕۆزفەڵت)ی سەرۆکی ئەمریکا و خاوەنی (سەفقە نوێیەکە) ڕوویدا، ئەمە، لەپێش ڕێکخستنەکانی (کینز)یەوەبو، (کینز ئابورناسێکی ئینگلیزە 1882 – 1946)، بەڵام لە پاش شەڕەوە بڕێك لە پاراستن و دەستتێوەردانی ڕێکخراوی حکومی لەسەر هەردووئاستی نیشتمانی و جیهانی هاتنە ئاراوە.

داهێنانەکانی کینز تا ئەم ڕۆژگارەش لەگەڵماندا ماون و بریتین لە بانکی نێودەوڵەتی (WB) و سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی (IMF).

ڕەوشی سیستمی دابینکردنی کۆمەڵایەتی (دەوڵەتی خۆشنودی) و مافی دەنگدانی گشتی و حوکمی یاسایش هەر بە هەمان شێوە. (7)

ڕەوتێکی تری نەیاری دیموکراسی هەیە، لە سەرچاوەیەکی ترەوە هاتووە. ئەویش سۆشیالیزمە نەتەوەییە دەوڵەتییەکەی سەدەی بیستەمە، کە بریتییە لەو نازیزم و فاشیزمەی کە مۆرکێکی ڕەگەزپەرستانەی نەتەوەیی دوژمنکارانەیان هەیە (8) کە لە سەردەمی پیشەسازیی لیبرالیزمدا سیمایەکی پڕ ئالۆزییان پیشاندا: ئەو سیستمە جیهانییەی کە لە چەند دەوڵەتێکی نەتەوەیی پێکدێت پشت بە هاوسەنگییەکانی هێزە جیاوازەکان دەبەستێت، وپڕە لە کێبەرکێی ئابورییانەی سەخت و پێشبڕکێی سیاسی و جەنگی

بازرگـــانی. هــۆی ئەمـــەش ئەوەیـــە، کـــە ئەگـــەر بازاڕگەلێکی نێودەوڵـەتی و بازرگانییـەکی جیهـانی لە ئارادانەبن، سـەردەمی پیـشەسازییش لـە ئـارادا نابێت.

چــاخی پیـــشەسازی مـــۆرکێکی جیهانییـــە و کەوتۆتـــــە داوی پێداویـــــستییەکی زۆرەوە بـــــۆ چەندیەکەیەکی نەتەوەیی، کـە بـۆی ببنـە ئـامرازی کاریگەری ڕێکخستن و جڵەوکردن.

بـــەڵام پەیوەندییـــەکانی نێـــوانی دەوڵـــەتان هــەتابکرێ لــە دیموکراســییەوە دووربــوون، لــەناو بەشێکی زۆری مێژووی نوێدا شـیانێك بـۆ ئـەوە لـە ئارادانییـــە، کـــە ئـــەو پەیوەندییـــە نێودەوڵەتییانـــە واباس بکرێن دیموکراسی بووبن.

لەوانەیــە ئێــستە زۆر کــۆت و هاوســەنگیی وا هەبن، کە گریمـانی پێکداکێـشان لـەناو پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـــدا کـــەم بکەنـــەوە، بـــەڵام لـــە

سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە ئارادانەبوون. ئەمە جاران موفارەقەیەك بوو، هێشتاش بڕێك وەکو خۆی ماوەتەوە. سەردەمی پیشەسازی سیستمی (دەوڵەت — نەتەوە)ی واگشتگیرکرد، کە ئەمەنە کۆمەڵە کەیانێکی سیاسی دەبن و توانای بەردەوامیی ئابوورییانەیان دەبێت، بەڵام سەردەمی پیشەسازی نە بەوشێوەیەبوو، نەتوانیشی مەرجە پێویستەکانی بەڕێوەچوونی ئارامانەی ئەم سیستمە دابین بکات.

چەند نەتەوەیەك هەبوون بە هێزتر و پێشکەوتوتربوون لەوانی تر، بەڵام لە چەند دەوڵەتێکی کەم بەولاوە هیچی وا نەبوو، کە بەسەر بازارە جیهانییەکاندا زاڵ بێت و سەرچاوەکانی کەرەستەی خاویش کۆنترۆڵ بکات، بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دابین بکات کە بە بەردەوامی ڕوو لە زیادبوون بون.

له دایكبوونی پێویستی سیستمی (دەوڵەت — نەتەوە) نەزعەی نەتەوەیی بەرپاكرد و چەندان سیستمی باڵای پەیوەندیكردنی خرایە خزمەتیەوەو بۆ سازدانی خەڵك لە شار و تەنانەت لەلادێش خرانەگەڕ. نەتەوە بەزیوەكان (وەك ئەڵمانیا) و دەوڵەتە دوورەپەرێزخراوەكانی ناوجەنگی جیهانیی یەكەم (وەك ئیتاڵیا) بەزوویی كاریان بۆتۆڵەسەندنەوەكرد. بۆیە بیرۆكەی (كایەی زیندوو)ی ئەڵمانیا و هەوڵەكانی ئیتاڵیا بۆ بەدەستهێنانەوەی سەروەرییەكەی ئیمپراتۆریای ڕۆمانی دوو هاندەربوون بۆ هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانیی دووەم كەپتر لە (50) ملیۆن مرۆڤی قڕكرد. ئەم نمونە (ئەڵمانی و ئیتاڵیەی) نەزعەی ناسیۆنالیستیی پەرگیر لە ڕوویەكیدا نارەزاییدەر برین بوو لە دژی نایەكسانییەك كەلەو سیستمی

جیهانیەی دەوڵەتی نەتەوەییەدا هەبوو، کە قۆناغە بەراییەکەی پیشەسازی بەرهەمی هێنابوو.

ئەمە هەروەها هەڵگەڕانەوەیەکی دەستەبژێرانەبوو لە دژی خاڵە لاوازەکانی سیستمی سیاسیی لیبرالی. دیارە ئەو هەڵگەڕانەوەیە بەلای ئەونەیارانەیەوە، کە لەلایەنگرانی پێشەنگیی (دەوڵەت — نەتەوە)بوون، ئیرادەی نەتەوەی کزکردووە، و بواری بە توێژەکانی ئەو چینەداوە، کە لایەنگری (کۆمەڵی)بوون یەکێتی نیشتمانی بترازێنن. ئەو بێزارییەی کە (بنیتۆ مۆسۆلینی و ئەدۆڵف هیتلەر) سەیری ژمارەی پەلاماردەرەکانیان پێدەکرد، ئاماژە بەوەدەدات، کە ئەوان چەند ڕقیان لە حوکمی لیبرالی، یان لە ململانە چینایەتییەکەی قوتابخانەی کۆمەڵی دەبۆوە.

دواجار، گۆڕەپانێکی تری ململانە هەیە، کە لە ئەنجامی بەرپابوونی سەردەمی پیشەسازیی لیبراڵییەوە هاتۆتە ئارا، کە ئەویش کۆلۆنیالیزمە.

پرەنسیپی ڕاساندنی نەتەوەکان لەسەر بنەمای زمان و ئاین، یان ئیرادەی سیاسیی بە کۆمەڵ، سۆزی نەتەوایەتی و بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیی لەناو زۆری ئەو گروپانەدا پێکهێناوە، کە بۆ ئەوە پالێوراون خۆبەخۆ نەتەوە پێکبهێنن، لە دژی ئیمپراتۆرییە ئۆتۆکراتە کۆنە فرەنەتەوەکانی (وەکو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) یان لە دژی حوکمی کۆلۆنیالی لە جیهاندا. ئەم ئاڕاستەیە لە سەدەی نۆزدەدا لەناو موستەعمەرەکاندا دەستی پێکرد، بەلام هەتا سەدەی بیستەم بە تەواوی نەچووە پێشەوە، گەشەی نەکرد.

ئێستە لە جیهاندا نزیکەی (8000) گروپی خاوەن زمان هەن، بەم مانایە دەبێ لە ڕووی تێورییەوە (8000) کەیانی نەتەوەیی هەبن، بەلام ئێستە کەمتر لە (200) دەولەتمان هەن، بەلام لەوانەیە تەنها دەرزەنێك دەولەتی وامان نەبن، کە

بڵـێن پێکـەوە گونجـانی (ئیتنـی – ڕەگـەزی) یـان (نەتـەوەیی) (9) یـان هـەبێت. لێـرەدا دەبـێ ئـەوە بەیادبهێنینـــەوە، کـــە ســـەدەی بیـــستەم بەگـــشتگیرکردنی پرەنـــسیپی نەتـــەوەکان، یـــان پرەنـسیپی گـەلان، سیاسـەتەکانی پـاش جـەنگی جیهانیی یەکەمی داڕشتەوە ئەو پرەنسیپەش مـافی بڕیاردانی چارەنوس بوو: ئەمـەش بـەو شـێوەیەبوو، کە ڤۆدرۆ ویلـسنی سـەرۆکی ئـەمریکا، و فلادیمێـر ئیلیچ لینین، لە دوو ڕوانگەی جیاواز و دژبەیەکەوە، ئەو پرەنسیپەیان لەبەرچـاوگرت، یەکـەمیان بـەرەو کۆمەککردنی دیموکراسییەکی لیبراڵ و ئـەوی تریـان بەرەو پتەوکردنی شۆڕشێکی کۆمەڵی، کە شێوازێك بێت لە دیموکراسیی کۆمەڵایەتی.

شەڕی موستەعمەرەکان شـتێکی نـوێ نـەبوون، بەڵکو شەڕی ئەمریکا لە پێناوی سەربەخۆییدا یـان خەباتـــەکانی ئـــەمریکای لاتـــین، لـــە پێنـــاوی ســـەربەخۆییدا، کـە لـە سـەدەی نـۆزدەدا کـران،

بەماوەیەکی زۆر لەپێش شەپۆلی شۆڕشەکانی ئاسیاو ئەفریقیای دژی کۆلۆنیالیزم بوون.

بەڵام جیهان گرێچنتربووە. ئێستە کێشە ڕەگەزی و ئاینییەکان گەمارۆی جیهانی سێیەمیان داوە. خودی ئەوروپاش لەم قەیرانەوە دوورنەبووە. چونکە ئەوەتا یۆگسلافیای جاران و یەکێتی شوورەوی لەم دواییانەدا هەڵوەشانەوە بەپێی نەتەوە پێکهێنەرەکانیان، بەڵام ئەو (گەل)ە نوێیانەی کە لە زۆری وڵاتانی جیهانی سێیەمدا پێکهاتن، ئەو زیندەگانییە ئابوری و کامڵبوونە دامەزراوەیی و پێکهاتە کۆمەڵایەتی – ئابوری (چینی کارا)، یان ئەوبەها کەلتوورییە پێویستە یان نیە کە بۆ حکومکردنێکی جێگیر پێویستن، چ جای حوکمێکی دیموکراسییانە.

## بیرکردنەوەیەکی نوێ:

ئەو گرفتە بنچینەییانەی کە ئەم سێ ئاڕاستە و مەیلەی دژە لیبرالیزمیان دروستکرد، هێشتا تا ئاستێك هەر لەگەڵماندا ماون: و بریتین لە دژی یەك وەستانی بەرژەوەندیی تایبەتیی تاکەکەس و بەرژەوەندیی گشتی کۆمەڵ، دژوەستانەوەی تاکەکەس لە بەرامبەر دەوڵەت، گەل لە دژی گەل، گەل لە دژی جیهان.

تا ئەمڕۆشمان خەڵکێکی واهەن نمونەی دەوڵەتی خۆشنوودی (واتە ڕاژە گوزاریی کۆمەڵایەتی) و دەوڵەتی گەشەیان لە ئازادییەکان (واتە دەوڵەتی دیموکراسی) بەلاوە باشترە، هەروەها خەڵکی واش هەن کە لە بەرامبەر بونیادنانی دیموکراسیدا بەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانیان پێ باشترە، وەك ئەوەی لە زۆر وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبینین.

باشە بڵێی جیهان نزیك بووبێتەوە لە چارەسەری ئەو گرفتانەی کە زۆر شەڕوکێشەی ناوخۆیی و

پاکتاوە ڕەگەزی و ئەو کارەساتانەی بەدوای خۆیاندا هێنا کە گەلەکان دروست دەکەن، یان تێکیان دەشکێنن؟ زۆر ڕەنگی نووسینی ڕەخنەگرانەی واهەن، کە دەڵێن جیهان بەدەست چەند گرفتێکی بنەڕەتییەوە دەناڵێنێ کە بریتین لە: یەکەم، پتەوکردنی دیموکراسی، لەکاتێکدا کە بونیادە سیاسییەکان لەرزۆکن، بانگەشەکردنەکانیش بۆ ڕیفۆرمی سیاسی دەستەڵاتخوازانە و نالیبراڵانەن.

دووەم، پەرەپێدانی ئابورییەکانی بازاڕ، بە کۆمەکی تۆڕگەلێکی دابینکردنی کۆمەڵایەتی بۆ کەمکردنەوەی (هەژاری) — (واتە ڕیفۆرمی ئابوری).

سێیەم، جووڵان بۆ پێشەوە، بەرەو دروستکردنی حکومەتێکی جیهانی، بۆ تێپەڕاندنی ئاژاوەکانی بەجیهانیکردن، ئەم بانگەشە و ڕواڵەتانە

تێکەڵکێشن و جیهانیش گەورە دەبێت و لە هەمان کاتدا بچوکیش دەبێتەوە.

بچوك دەبێتەوە، لەبەرئەوەی کە بەجیهانیکردن یەك زنجیرەی تەواوی کەیانە نەتەوەییەکانی پەستاندۆتە ناو یەك یەکەی تاکە شیکردنەوەوە کە: جیهان. گەورەش دەبێت، لەبەرئەوەی کە بەجیهانیکردن بەردەوام دەبێت لە زۆرکردنی ژمارەی یەکە نەتەوەییەکان، گروپبەندییە ڕەگەزییەکان و تەنانەت ناسنامە کۆمەڵایەتیە لەوە بچوکترەکانیش پتەو دەکات.

شەپۆلە نوێیەکەی بونیادنانی دیموکراسی لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوودا، ئەوەی پێشتر ئاماژەمان پێدا، خاڵێکی دەستپێکی بە کەڵکی دروستکرد، بۆ ئەوەی ئەم لایەنە ناکۆکانە بەرەو جۆرێك لە پێکەوە هەڵکردن بەرن. لەوانەیە بە دیموکراسیکردن ڕێسایەك بێنێتەئارا بەرەو چارەسەری ئاشتیانەی ناکۆکییەکان.

دیموکراسی ڕێگەی لە شەڕی نێوانی نەتەوەکان نەگرتووە، بەڵام شەڕی نێوانی دیموکراسییەکانی ڕاگرتووە. (10)

بڵاوبوونەوەی بازاڕە یەکگرتووەکان، ئەوانەی لەسەربنەمای یاسایی دامەزراون، هەلی لەمشێوەیە پێشکەش دەکەن، بەڵام بازاڕە ئازادەڕە هاکراوەکان سەرەتانین.

تۆڕەکانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی، ئەو تۆڕانەی کە ئێستە لەلایەن لیبراڵە نوێیەکانەوە هێرشی دەکرێتەسەر، پێویستن و نابێ دووربخرێنەوە.

فراوانبوونی خێرای نموونە و ڕێوڕەسمە دیموکرا

سییەکانی ناوجیهانی پاش شەڕی سارد، بڕێکی زۆری ئەدەبی نوسراوی لەسەر دیموکراسی و بونیادی دیموکراسی هێنایە بەرهەم. مشتومڕەکەی سەر مۆرک گیریی سیاسیی پێش نەوەدەکان جەختی لەسەر ناکۆکیی نێوانی سیستمە دەستەڵاتخواز و

سەربازی و سولتانی و تۆتالیتێرییەکان دەکرد، بەلام ئێستە مشتومڕە گەرمەکان بەگشتی لەسەر جۆرەکانی سیستمە دیموکراسییەکانن.

بۆ نمونە (دێڤدهێلڵ) نۆ مۆرکی دیموکراسی دەخاتە پێشچاو، کە هەندێکیان ڕەگەزی لاوەکیشیان لێدەبێتەوە، ئەمانیشی تێدان: دیموکراسیی یۆنانیی کلاسیکی یان ڕاستەوخۆ، دیموکراسیی پارێزەر، دیموکراسیی پەرەپێدان (نمونەی نوێکراوەی نەزعەی کۆماریی پارێزەر و پەرەپێدانە)، دیموکراسیی مۆدێرنی ڕاستەوخۆ،، دیموکراسیی دەستەبژێریی ڕکەبەری، سیستمی فرەیی تازە، دیموکراسیی یاسایی، دیموکراسیی دەستەبژێریی ڕکەبەری، سیستمی فرەیی تازە، دیموکراسیی یاسایی، دیموکراسیی هاوبەشیی فراوانکراو، دیموکراسیی خۆیی و دیموکراسیی جیهانیی (کۆز مۆپۆلیتانی). و لیستەکەش بەشێوەی سەرسوورهێنەر درێژ دەبێتەوە. (11)

بەگشتیش ئەو لیستەشیانی فراوانبوونی هەیە: دیموکراسیی لاو (واتە نویێ و لاواز) و دیموکراسیی هەڵبژاردن و دیموکراسیی نالیبراڵی و دیموکراسیی دەستەبژێری و هیی تر(12) نوسینی زۆرهەن، لێکۆڵینەوە لەسەربوون و نەبوونی دیموکراسیی دەکەن. بەدڵنیاییەوە فرە چەشنیی ئیجرائات و ڕێورەسمی دیموکراسی وامان لێدەخوازێت تێگەیشتنمان لەچێیتیی دیموکراسی و چۆنیەتیی کارکردنەکەی دیاری بکەین و سازیشی بدەین.

دامەزراوەی ئەمریکا بۆ دیموکراسی زنجیرە پێوەرێکی وایداناوە ئەوەی پێ دیاری بکەین، کام وڵاتە لە ڕووی سیاسییەوە ئازادە، کامە نیمچە ئازادە، کامەیان ئازادنییە. مشتومڕەکەی ئێستا لە ناو دیموکراسیدایە. زۆریی ئەو ئەدەبەی لە دیموکراسی دەکۆڵنەوە، بەراوردناکرێن، مەگەر بەو هاوشێوەیانەی کە لەسەر سیستمی بە جیهانیکردن

و ڕەوگەکانی بەجیهانیکردن نووسراون. ئەمەش هێمایەکی دروستە.

بانگەشەکانی بونیادنانی حکومەتێکی گەردوونی، یان ڕێکخستنی بازارگەلێکی گەردوونی، یان کۆمەڵە پەیوەندییەکی نێودەوڵەتی، پەیوەندییان بەرەهەندێکی بنەڕەتیی ناو ڕەهەندەکانی وەرچەرخانی دیموکراسییەوە هەیە: گۆڕەپانی پەیوەندییەکانی نێوانی نەتەوەیەك و نەتەوەیەکی تر، هێشتا زۆری خەسڵەتەکانی ڕابوردوی پڕ جەمسەرگیریی دژایەتیی پێوەیە، نەك خەسڵەتەکانی جیهانی دیموکراسی و بونیادنەری دیموکراسی. دیارە ئێمە ئەوەمان لە یاددەچێت، کە زاراوەی ئینگلیزیی (**International**) لە ڕاستیدا لە دووبڕگە پێکدێت، یەکەمیان (**Inter**) واتە (نێو)، دووەمیان (**nationdl**) واتە نەتەوەیی.

لەمەوە ئەم زاراوەیە ئاماژە بەوە دەدات، کە جیهانێکمان هەیە لە چەند دەوڵەتێکی نەتەوەیی

دامەزراوە، دیموکراسیی ناو هەر یەکەی ئەو یەکانـە بەندە بە کۆمەڵـە فاکتەرێکـەوە، هەنـدێکیان لـەناو خۆیاندان و ئەوانی تریشیان لە دەرەوەیان.

بۆیـــە پێویـــستە بانگەشـــەکەی (ئـــەتزیونی) و مـــشتومڕەکانی ســـەر کاریگـــەریی بـــەجیهانیکردن لەسەر دەوڵـەت – نەتـەوە (13) هـەر لەسـەر ئـەو بنەمایە تێبگەین.

ئـەم دوو ڕواڵەتـەی جیهـانی مـۆدێرن لەسـەدەی هەژدەوە بەباشی ناسراون.

(ئیمانۆئیل کانـت)ی فەیلەسـوفی ئـەڵمانی لـە توێژینەوەیەکیـدا بەناونیـشانی (بـەرەو ئاشـتییەکی هەمیشەیی) بەدوو ڕێگە لە لـۆژیکی شەڕوئاشـتیی کۆڵیوەتـــەوە: یـــەکیان ئـــەوەی کـــە بـــەرەنجامی کێبەرکێیـــەکی ســـەختی نێـــوانی دوو دەوڵـــەتی نەتـەوەیی، یـان زیـاتر بێـت، ئـەوی تریـان چـەند هەلێکی دیموکراسییانەی چەند گەلێکی نیشتەجێی

ناو یەکەیەکی نەتەوەیی بێت، واتە ئەو خەڵکە هەڕەمەکییانەی کە دەچن بۆ شەڕ و باجەخوێناوییەکانیشی دەدەن لەلای کانت لەوەدەچیێ دەوڵەتەکان لە (تۆم سوێر)ی (مارك توێن)ی ڕۆماننوس بچن: منداڵێکی کەم ئەندانی بەدڕەوشت بن، منالی لەو جۆرەش پێویستیان بە کۆککردن، بێزارکردن، ئەگەر پێویست بێت (زیندانیکردنیش) هەیە. کانت پێشنیاری دەزگایەکی گشتیی کۆککردنی کرد، ناوی نا: کۆمەڵەی گەلان: واتە دامەزراوێکی جیهانیی چاودێریکردنی مەسەلەکانی شەڕوئاشتی، بۆ مرۆڤایەتیش پتر لە سەدەیەکی خایاند، ئەمجا گەیشت بەو نمونەیەی ئەو.

پاش ئەوەی کە یتالیا لە سالی (1936)دا ئەسیوبیای داگیرکرد، یەکەمین کۆمەڵەی گەلان لاوازبوو، نەتەوەیەکگرتووەکانیش کە لە ڕێکەوتنەکەی (سان فرانیسکۆ)ی سالی

(1945)دا دامــەزرا، هــەتا ئێــستەش مــاوە، ئەگەرچــی لــە ڕۆژگــاری شــەڕی ساردددا پــەکی کەوتبوو.

بــوونی سیــستمێکی دیموکراســیی گــەردوونی، پێویستی بەبوونی حکومەتێکی جیهانی هەیە، کە بــە شــێوەیەك لــە شــێوەکان دروســت ببــێ. دیموکراسیزمێك نییە بتوانێت بـەبێ ڕەخسانی ئـەم مەرجانــە ڕەگ دابکوتێــت. هێــشتا پێویــستە لــە ســەرمان لــە چــین و کۆریــای بــاکور و ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاست چاوەڕوانی وەرچـەرخانی دیموکراسـییانە بکەین. (14)

هەرچــی لایەنەکــەی تریــشەکە (کانــت) قــسەی لەســەرکردووە، بریتییــە لــە ڕواڵــەتی نــاوەوەی (دەوڵەت — نەتەوە) واتە بەرپرسیاری و هەڵبـژاردن لەناو نەتەوەکانی خۆیانـدا، ئـەو پێـی لەسـەر ئـەوە داگرتووە، کە هەڵبژاردنی ئازادانە سنوور بـۆ هـەلی

هەڵگیرسانی شەڕ دادەنێت. ئەم بیرۆکەیە هەرچەند بە (نمونەیی)ش بێتە بەرچاو، شتێکی حەقیقەتیشی تێدایە. ئەم دوو لایەنە بەبێ لێکترازان یەکتر تەواودەکەن.

دیموکراسی چۆن دەبێت و چۆن نابێت؟

پێناسی دیموکراسی بووەتە مەسەلەیەکی کێشە هەڵگر، پێناسەکردنی قورسە، ئێمەوا ڕاهاتووین کە بڵێین ئەوشتە دیموکراسی نییە، یان بڵێین فلان شت وایە، سیستمەکە بەو شێوەیە نییە، بەلام لە ڕاستیدا ئەمانە هیچی شتێکمان لەسەر چێتیی دیموکراسی پێنالێین. بۆ نمونە ئێمە لە ناو یەکێکی گریمانەکاندا دەڵێین ڕەنگی مادە نەسورە، نەسپیەو نەڕەشە، لەوانەیە ئەم (نە) و (نە)یە تا کۆتایی شەبەنگی ڕەنگەکان و پێکهاتەکان بەردەوام بڵێت، تا لە ڕێگەی یەك زنجیرەی بێشوماری ڕەتکردنەوەوە بگەین بەڕەنگی مەبەست، بەلام کاتێك کە دانمان نا بەوەدا، کە ڕەنگەکە سپییەن بەوە، لەواقعدا، بوونی

هـــەموو ڕەنگـــەکانی تـــری جگـــە لـــە ســـپی ڕەتدەکەینـــەوە، بەپێکهاتەکانیـــشیانەوە. لەبـــەر ئەمەیـــە کـــە لـــە لـــۆژێکی کلاســـیکیدا، ڕەتکردەنەوەیەکی گشتیی ئەو تایبەتمەندی و گریمـان و مەرجانەبووە، کە لـە بنەڕەتـەوە پەیوەندییـەکیان بەشتێکی دیاریکراو، یـان کرۆکێکـی دیـاریکراوەوە نەبووە. ئەوەی بەسەر شتە تاکەکانـدا پیـادە دەبـێ، دەکرێ بەسەرسیستمە گرێچنەکانیشدا پیادەببێ.

لـە نێـوان ئـەو هەوڵـە وروژێنەرانـەدا کـە بـۆ پێناسەکردنی چۆن بوون و چۆن نەبوونی دیموکراسـی دراون، نوسینەکانی (فیلیپ . س. شمیتەر) و (تێری لین کارڵ) دەبینین، کـە (دیموکراسـی چـۆن دەبێـت و چـۆن نابێـت) ناوەڕۆکیانـەو بەسـوودن. سـەبارەت بەشـیکردنەوەی دیموکراسـیش بـۆ چـەند ڕەگـەزێکی بـەراوردکاری، باشـترین شـیکردنەوە لـە کتێبـی (مۆرکەکانی دیموکراسی)ی (هێڵد)دا دەبینین.

دیموکراسیی نوێنەرایەتیی دەستوری، کە هەموو چین و گروپ و ئەندامەکان، لەناو یەکەیەکی نوێی ڕێکخستنی سیاسیی (دەوڵەت — نەتەوە)دا دەگرێتەوە، سیستمێکی نوێیە، سەر بە قۆناغێکی پێشکەوتووی چاخی پیشەسازییەوە لە پێش ئەم چاخەوە لەوێنەی نەبووە.

بەڵام سیستمە بەرتەسکەکانی نوێنەرایەتی، لە دەرکەوتنیدا کەوتۆتە پێش دیموکراسیی نوێوە. مەسەلەی دابەشکردنی دەستەڵاتەکان و سیستمی دادوەریی سەربەخۆ فرەییش هەر بەهەمان شێوە پێشی کەوتون. سەربەخۆیی ڕێکخستنی کۆمەلایەتی و جیابوونەوەی لە دەوڵەت خەسڵەتێکە، لەپێش سەرهەڵدانی دیموکراسییەوە دەرکەوتوە. نمونە لەسەر ئەمە، ئەوەیە، کە لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵیدا کۆمەڵگە یان لەناو گروپگەلێکی پەرشوبلاو، دابڕاو، داخراو، یان لە شێوەی (دەوڵەت — شار)دا ڕێکخراوبووە، کە

ئەمـــەی دووایییـــان پلەبەنـــدیی باوکـــسالارییانەی ســـەربەخۆی هـــەبووە، بـــەڵام ئـــەم ڕێکخـــستنە کۆمەڵایەتییانـە نـەك هـەر یەکسانیی سیاسـییان دورەپەرێزخـستوە، بـەڵکو تاکەکەسـیان ملکـەچ کردووەو بەکۆت و بەندی ئینیمـای خزمایـەتی یـان خۆجێیـەتی بەسـتویانەتەوە. لـە ئەسـینادا نـامۆ و کۆیلـەکان مـافی دەنگـدانیان نـەبووە، لـەناو دیموکراسیەتە بەراییە کانیشدا ژنان و چینە بێ مـاڵ و موڵکەکانیش هەر بە هەمان شێوەبوون.

قۆنـــاغی پیـــشەسازی کۆمەڵگەیـــەکی بەرهەمهێناو پتەوی کرد، کە لەسەر چین و گروپـی کـراوە و گـۆڕاو بـزۆك دامـەزراوە، لەسـەربنەمای یەکسانییەکی سیاسـی دامـەزراوە، کـە جیاوازییـە ئـابوری و کۆمەڵایەتییـەکان هەڵناوەشـێنێتەوە. دیموکراسی کۆمەڵە نمونە و پرەنسیپێکی ئەبستراکت (موجـەڕەد) نییـە، کـە ڕیفۆرمیـستێك، یـان

پیاوچاكێك پیادەی بكات، یان نەیكات. ئەم پرەنسیپانە لە فۆڕمە موجەڕەدەكانیاندا تەنها كۆمەڵە نواندنێكی بونیادە كۆمەڵایەتی و سیاسی و دامەزراوەیی و كەلتوری و یاساییەكانن و لەسەر سێ ئاست كاردەكەن:

یەكەم:- دیموكراسی سیستمێكی پەیوەندیی ئاڵۆزە لە نێوانی ئەندامان و گروپ و چینەكان كۆمەڵگەیەكدا، هەموو تاك، یان گروپ، یان چینێك لە بەرامبەر یاسادا لە یەكسانی بەهرەمەندە و دان بە مافی ئەوی تریشدادەنێت، لەسەر بنەمای مافیان لە ئازادیی چالاكیی ئابوریی ڕێكخراو لە گرێبەستدا، و ئازادیی بەشداریی سیاسی و ئازادیی بیروباوەڕی ئاینیی. دەستەواژەی (یەك مرۆڤ – یەك دەنگ) گوزارە لە ڕواڵەتێكی سیاسییانەی یەكسانیەكی گشتگیر دەكات.

دووەم:- دیموكراسی سیستمێكی پەیوەندیی ئاڵۆزە لە ناو كۆمەڵگەدا، بەگشتی، و دەوڵەتدا،

یـان بـەدەربڕینێکی تـر، لـە نێـوانی کۆمەڵگـەی مـــەدەنی و کۆمەڵگـــەی سیاســـیدا، بـــەپێی دووپـــاوانکردن: کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی کێڵگـــەی موڵکیـــەت و چـــالاکیی ئـــابوری و کەلتورییـــە، کۆمەڵگـــەی سیاســـییش گۆڕەپـــانی پـــاوانکردنی ئـــامرازە ڕەواکـــانی توندوتیـــژی و بـــەڕێوەبردنی دادوەرییە بۆ بـەرگریکردن لـە ژیـان و موڵکیـەت و ڕۆشـــنبیری و ئازادییـــەکان، لـــە دژی هـــەر پێشێلکردنێکیان چ ناوخۆیی بێت، یان دەرەکی.

لــە پــەیمانی کۆمەڵایەتیــدا ئــەوەهاتووە کــە کۆمەڵگـەی مـەدەنی دەسـت لـەو مافـەی خـۆی هەڵـدەگرێ کـە پارێزگـاری لـە ژیـان و موڵکیـەت بکـات و ئـەو مافـە دەداتـە (دەوڵـەتی هـەڵگری سـەرەوەری) هـەروەها لـە ڕێگـەی باجـەوە پـارەش دەدات بـــەو کەوڵەتـــە و مـــافی گـــۆڕین و

لێپرسینەوەشی لە دەستی خۆیدا (واتە مەدەنی) دەهێڵێتەوە. (15)

سێیەم: دیموکراسی سیستمێکی دابەشکردنی وەزیفەیی —دامەزراوەییە لەناو کۆمەڵگەی سیاسیدا، واتە لەناو بونیادی دەوڵەتدا. نمونەی ئەمەش ئەوەیە، کە هەریەکە لە پێکهێنەرەکانی دەوڵەت یەك وەزیفەی دیاریکراو بەڕوونی ئەنجام دەدات، بەڵام ئەو وەزیفەیە لەڕووی دامەزراوەییەوە جیاوازە: وەکو دەستەڵاتی جێبەجێکردن و دەستەڵاتی یاسادانان و دەستەڵاتی دادوەری.

هەر دامەزراوەیەکی جێبەجێکاری، یان یاسادانەر، یان دادوەری بەشی خۆیی لە دەستەڵاتدا هەیە. لەسەرووی قووچەکی جێبەجێکردنەوە سەرۆك و سەرەك وەزیران، یان خاوەن شکۆو ئەنجومەنی وەزیران هەیە. لەوانەشە دامەزراوەی یاسادانان دوو ئەنجومەنی هەبێت ( لە بەریتانیا ئەنجومەنی گشتی و لۆردەکانی هەیە، لە وڵاتەیەکگرتووەکان

ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی نوێنەرانی هەیە).
هەروەها دادوەرییش لەناو سیستمێکی دادگاو دامەزراودا ڕێکخراوە، کە بە هەموویان کار بۆ بەڵەنسکردنی دەستەڵاتی جێبەجێکاردەکەن، یان کۆت و بەڵەنسی وا بۆ کارکردنیان دادەنێن، کە خۆبەخۆڕێکیان بخات.

ئەم دابەشکردنە ستونی و ئاسۆییەی دەستەڵات، ئەو شێوازەیەکە لە ڕەچەڵەکەوە بۆ ئەوە داهێنراوە کە ڕێگە لە چەقبەستنی دەستەڵات بگرێت. مۆنتسیکو جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە دەسەڵات بە دەستەڵات نەبێت بەڵەنس ناکرێت. مادیسۆنیش لەناو ئەو توێژینەوانەیدا کە لەسەر فیدرالیزمن هەروایکردووە. (16)

ئەو سیستمە دیموکراسییەی کە لەسەر پەیمانی کۆمەڵایەتی و حوکمی یاسا، و حوکمکردن بەڕەزامەندی و ڕێکەوتن و حوکمی زۆرینە و

حـــوكمی دەوڵـــەتی دامـــەزراوەیی و دەوڵـــەتی نوێنەرایـــەتیی گـــشتی و دەوڵـــەتی دابەشـــکردنی دەستەڵاتەکان ڕادەوەستێت و دەکەوێتـە بـەرگریمانی لێپرسینەوەو ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتیانەی دەسـتەڵات، هـەروا بـەم ئامادەییـە دەرنەکـەوتووە، بـەڵکو لـە ڕاسـتیدا، لـە ئـەنجامی چـەندان شـەڕی نـاوخۆ و شۆڕشی میللی و شەڕی کیشوەری و جیهانییەوە لـە دایك بووە.

لـــە کاتێکـــدا کـــە تیـــۆرە سیاســـی و کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی لەسەر ئـەوە کـۆکن، کـە ئـەم شـێوە دیموکراسـییە کۆکەرەوەیـە لەگـەڵ لـە دایکبوونی سەردەمی پیشەسازیدا لـە دایـك بـووە، ئەمە بەو مانایەنایەت، کە هەر وەرچەرخانێك بەرەو کۆمەڵگـەی پیـشەسازیی مـۆدێرن، ڕاسـتەوخۆ، و لەسـایەی هـەر بارودۆخێکـدا بـەرەو بونیادنـانی دیموکراسیمان دەبات.

بەڵگـەی مێـژوویی دەیسەلمێنێت، کـە هـەر بانگەشەیەکی لە مشێوەیە، یان موجەڕەدکردنێکی پووچە، یان بانگەشەیەکی ئایدیۆلۆژییانەیە.

ئێمە لە مێژووی ڕاستەقینەوە ئەوە دەزانین، کە چۆن سیستمە پادشاییە ڕەهاکانی ئەوروپا گۆڕدران بە پۆناپارتی (لە فەرەنسە) فاشیستی تۆتالیتێریی ڕاستڕەوانە، یان ستالینیزمی شوورەوی (تۆتالیتێریی چەپڕەوانە) یان سیستمی سەربازی (لەیۆنان).

ئەوانەی کە درەنگ هاتنە ناو چاخی پیشەسازییەوە، ئابوری و کۆمەڵگەکانی خۆیانیان خستە ژێر کۆنترۆڵی سیستمگەلێکی ئۆتۆکراتیی ڕیفۆرمیستەوە، لە نمونەی میجیی ژاپۆنی، یان (ئیتحاد تەرەقیی عوسمانی) یان دایانە دەستی سیستمگەلێکی دەستەڵات خوازی وەکو رژێمی بسمارك لە ئەڵمانیای سەدەی نۆزدە.

ئەو ئۆتۆکراتییانەی ڕابوردوو، هەتا سەرەتاکانی سەدەی بیست، لە ڕووسیا و ژاپۆن و ئیمپراتۆریای عوسمانی پاشەڵی خۆیانیان کێش کرد.

لە هەر کۆییەك دیموکراسی کامڵ بووبێت چەند ڕاڕەوێکی بۆخۆی دۆزیوەتەوە: ئەوەتا لە بەریتانیا ئەو ئەرستۆکراتیمزمەی کەمەیلی بەلای چارەسەری ناوەندی و چینی ناوەندیی بەهێزو دەوڵەتی لاوازهەبوو لەسەدەی حەڤدەدا، بەرەو سیانەیەکی کۆمەڵایەتی برد کە پایەکانی بریتیی بوون لە (عەرش – لۆردەکان – ئەنجومەنی گشتی). لە فەرەنسەش ڕەوشی چینە ناوەندییە بەهێزەکە و لاوازیی خانەدانەکان لە بەرامبەر دەوڵەتە بەهێزەکەی کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا، تەقینەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی نایەوە کە هەریەکەی خانەدانان و عەرشیشی ڕامالّی.

دیموکراسیی فەرەنسی ڕادیکاڵانە و لەپڕو سەراپاگیربوو. دوایی، خۆی بوو بە قوربانیی

ڕادیکالّبوونەکەی، نزیکەی ماوەی یەك سەدەی لە تەمەنی کۆمارە یەك لە دوای یەکەکان پێویست بوو بۆ ئەوەی لەنگەربگرێ.

ئەمجا لەبەرئەوەی ئینگلتەرە دوورگەیەکی دابڕاوە، بەلاّم نەتەوەیەکە، کە بازرگانییەکی دەریاوانیی چالاکی هەیە، و دەزگایەکی حکومیی لاوازی هەبوو، هەرچی فەرەنسەشە دەولّەتێکی کراوەی سەروشکانی بو، و پێویستی بە سوپایەکی بەهێزو بیرۆکراسیەتێکی کارامە هەیە.

بەپێچەوانەی ئەمەوە ئەمریکا ولاّتێکی پانوبەرین بوو، خاکێکی بەرفراوانی هەبوو، بو بەو ولاّتێك کە بەجوتیار و خاوەن پیشتەکانی بەشی داهاتی خۆیی دابین دەکرد، چونکە گروپە خۆجێیەکانی لەسەر مۆرکی ئەسینایی دیموکراسیی ڕاستەوخۆ ڕێکخراوبوون. بەپێچەوانەی شارە قەرەباڵغەکانی ئەوروپاوە، شارە بچووکەکانی

ئـــەمریکا دەیـــانتوانی (تـــەواوی خـــەڵك) لـــە گۆڕەپانێکی سەرەکیدا کۆبکەنەوە بـۆ گفتوگـۆکردن و هەڵبـــژاردن و بڕیـــاردان لەســـەر هەرشـــتێك کـــە کۆمـەڵگـــە بیـــەوێت. (ئـــەلیکس دو تۆکفیـــل)ی خانــەدانی فەرەنـسی زۆر بــەو دیمەنانــەی ئــەمریکا سەرسـام بـوو، تێبینـی ئـەوەی کردبـوو، کـە لـەوێ هەمووشتێك دەجـوولێ، بـەبێ ئـەوەی بزوێنـەرێکی دیـار لـە ئـارادابێ. دیموکراسـیەکەی ئـەمریکا بـە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی بەهێز دەستی پێکرد، کـە نــەوەك بــەریتانیا بــەپێی خانــەدانی و ڕەشــۆکی دابەشـکرابوو، نـەوەك فەرەنـسەش کرابـوون بەسـێ چینەوە، (خانەدانان، ئەکلیرۆس، چـینی سـێیەم کـە خاوەن مولکەکانی ناو شارەکانن).

ئــەمریکا کۆمەڵگــە خۆجێییــە بــە هێزەکــان و دەوڵـــــەتێکی مەرکــــــەزیی لاوازی هـــــــەبوو (بیرۆکراسـیەتێکی ژمارەکـەم، سـوپایەکی ژمـارە کەم).

تۆكفيل لە يەكێكی دارِشتنەكاریگەرەكانیدا ئاماژەی بەوە داوە، كە بۆ نموونە كاتێك ئەنجامدانی پرۆژەیەكی گشتی لە ئەمریكا پێویست بوایە، هەمیشە كۆمەڵەیەك، یان پەیوەستێك هەبووە پشتگیریی لێ بكات، بەڵام لە ئینگلتەرە هەمیشە لۆردێكن یان كەسێكی ئەرستۆكرات هەبوەو لە فەرەنسەش دەوڵەت (حكومەت)(17) شتێك كە ئەم رەوگە هەڵبژاردانە پێمان بڵێن، ئەوەیە كە پێشكەوتنی سەردەمی پیشەسازی جیاواز و جۆراوجۆربوەو هەمیشەش ئەنجامەكانی بریتی نەبوون لە دیموكراسی، رێگای بەرەو دیموكراسی قیرتاو نەبووە، ئەوانە مێژووی نەتەوەیی و جیهانییەكانن كەرەوت و فۆرمی بونیادو گەشی سیستمە دیموكراسییەكان دیاری دەكەن.

ئەگەر سەردەمی پیشەسازی، سەردەمی سەرمایەداریی بازاڕ، عەقلانیەت و دیموکراسی بێت، ئەوا دەتوانین بڵێین:-

یەکەم:- کۆمەڵگە کشتوکاڵی، یان پێش پیشەسازییەکان، لە قۆناغی جیاوازی پێشکەوتنی سەردەمی پیشتەسازییەوە دەچنە ناوەوەی ئەم سەردەمە: هەر لە شۆڕشی پیشەسازیی یەکەمەوە بۆ دووەم و سێیەم و بەرەو خوار تا دەگاتە قۆناغی زانیاری و ڕۆبۆت و ئۆتۆماتیککردن، واتە سەردەمی تەکنۆنیوترۆنی(18)

دووەم:- کۆمەڵگە پێش مۆدێرنەکانیش بە قۆناغی جیاوازی گەشی خۆیانەوە دەچنە ناو سەردەمی پیشەسازییەوە، وەك ئەوەی، کە: هەندێکیان بونیادێکی سیاسیی مەرکەزییان هەیە، هەندێکیان هێشتا لە قۆناغی خێڵەکیی پێش سیاسەتدان، بۆ نمونە بەراوردی عێراق لکە لە ژێر فەرمانڕەوایی عوسمانییەکاندا، یان لە کاتی

ئینتیدابی بەریتانیدا لە بیستەکانی سەدەی بیستەم و کۆمەڵگەی دورگەی عەرەبیی پێش سەرهەڵدانی شانشینی عەرەبیی سعودی، کە ئەوکاتە بێ سووڵتان بووە.

سێیەم:- دەکرێ ئەم وەرچەرخانەی بەرەو سەردەمی پیشەسازی، کە دەکرێ ناویشی لێ بنێین کۆمەڵگەی بازرگانی، یان کۆمەڵگەی سەرمایەداری، یان کۆمەڵگەی سەرمایەداری، چەند فۆرمێکی جیاواز بە خۆی بگرێ:

أـ سەرمایەداریی تایبەتی، کە چینێکی نیشتمانیە، یان چینێکی تایبەتی بێگانەن لە خاوەنکاران، یان:

ب ـ سەرمایەداریی دەوڵەت، واتە دەوڵەت وەکو سەرمایەدارییەکی بە کۆمەڵی.

ج ـ سەرمایەداریی خزمایەتیی مەحسوبیەت (واتە تێکەڵەیەکی چینی گەندەڵە، بەڵام

یەکگرتووەو لە فەرمانبەرانی دەوڵەت و خاوەنی سەرمایە تایبەتەکانن).

د ـ سەرمایەداریی خزمایەتی، ئەمەیان لەسەر بنەمای ئەو بنەماڵە گەورانە دروست دەبێ، کە لەسەر لوتکەی خەمە سیاسییەکانی ڕژێمێکەوە ڕادەوەستن کە خەسڵەت میراتگرییان هەیە.

ئەو سەرمایەدارییە تایبەتییانەی، کە سەرمایەی تایبەتی تاکەکە، یان هاوبەش (کۆمپانیا هاوبەشەکان) بوون، وەك بینچینەیەك لەباربوون بۆ گەشەسەندنی دیموکراسییانە، بەڵام سەرمایەداریی دەوڵەتی (وەکو فیجیی ژاپۆن لە هەردوو سەدەی نۆزدە و بیست، ئەڵمانیای بسمارك لە سەدەی نۆزدە، و رووسیای ستالینی لە سییەکانی سەدەی بیست) ئەمانەش بۆ ئەو گەشەکردنە لەبارنەبوون، تەواو وەکو ئەو سەرمایەداریی مەحسوبیەتەی کە هەندێ حوکمی دەستەڵاتخوازانەی هەندێ وڵاتانی تازە گەشەکردووی

وەکو (میسر و ئەندۆنیزیای ژێر دەستەڵاتی سوهارتۆ)ی پێدەناسرێتەوە یان سەرمایەداریی خزمایەتی، کە سیستمێکی لاوەکیی میراتگرییە (وەکو وڵاتانی کەنداو بەعسی عێراق).

دەستەبژێرە فەرمانڕەواکانی، وەکوخێزانە پادشاییەکان، یان شێخەکان (وەك کەنداو) یان گروپە خزمە فەرمانڕەواکان (وەك عێراقی سەردەمی بەعس) شوێنەکانی خۆیان لەناو دەستەڵاتدا و پارەی گشتی بۆ پەرەپێدانی چەندان کاری بازرگانیی عەقڵانیی (دامەزراو لەسەر حسابی ئابوری) یان ناعەقڵانیی (وەك کاری بەرتیلخۆریی بە زۆر بردراوو ئەو پاوانکردنانەی کە لەلایەن دەستەڵاتەوە پشتگیرییان لێدەکرێ، بەکاردەهێنرێن. بەمەش دەستەڵاتی سیاسی بۆ کۆکردنەوەی سەروەت بەکاردەهێنن، نەك بەپێچەوانەوە لەم دوو فۆرمە هەردووکیانەوە، ئەوە

دێتە پێش کە هەردوو دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری دەکەونە دەستی کەمینەیەکەوەو چەندچینێکی ناوەندیی ملکەچیش دروست دەکەن، کە پێدەسەڵاتەوە هیچ سەربەخۆییەکی نییە، ئەمانە ئەو مەرجە کۆمەڵایەتیەن کە پەرەسەندنی دیموکراسی کپ دەکەن.

دوا ئەنجامی هەموو ئەم مۆرکانە بریتیە لە: یان دەرکەوتنی کۆمەڵگەیەکی ئابوریی بازاڕی دامەزراوەیی بەهێز/ لاواز، واتە کۆمەڵگەیەك، یان سەربەخۆبێت لە کۆمەڵگەی سیاسی، یان ملکەچی بێت، کۆمەڵگەیەکی ئابوریی جیا لە دەوڵەت و ئابوورییە فەرمانکارەکەی.

چوارەم: گواستنەوەی بەرەو سەردەمی پیشەسازی، یان بەرەو ئابوریی بازرگانیی مۆدێرن، وەك بنەمایەکی گشتی، ئەوەشی تێدایە، کە فۆرمەکانی مۆولکداری و فۆڕمەکانی کەلتور و شێوازەکانی ژیان و سیستمەکانی بەهاکانی پێش

مۆدێرن تێـك بـشكێنێت و بیانگۆڕێـت بـه شـێوەی مۆدێرن.

گـۆڕانی كۆمەڵایـەتی –ئـابوریی لـە مـشێوەیە ڕایـەڵی شـەڕی خۆكـوژیی سـەختی كومەڵایـەتی وسیاسی وكەلتوری دێنێتە پێش .

ئەو كۆمەڵگە پێـشكەوتوانەی، كەكـەم یـان زۆر چینی كامـل وكـەلتور وپێكهاتـەی كومەڵایـەتی – ئابوریی شـاریی بـەهێز و چـینی ناوەنـدی و بـاڵای كامڵ و، چینی خانەدانان و ئەرستۆكراتی موڵكـدار و كرێكاری ناو شاریان هەیە، بەردەوام بـەرپارەوێكی سیاســییانەدا دەڕۆن، كــە زۆر جیــاوازە لــەوەی كۆمەڵگـە پیـشەییەكان و كـشتوكاڵییەكان، واتـە ئەوانەی دانیشتوانی خێڵـەكی و شـارە لاوازەكانیـان هەیە، پێیدا دەڕۆن.

كاتێـــك كـــە چـــینە شارنـــشینە بـــەهێزو یەكگرتووەكان، و لەسەروی هەمووشـتێكەوە چـینە

ناوەندییە سەرمایە و زەویدارەکان پەیداو گەڵاڵەدەبن، هەلێکیش بۆ هەڵکشانی دیموکراسیی دەستوری دێتە پێش، بەڵام ئەگەر دوژمنایەتیی نێوانی ئەم چینە شارنشینە نوێیانە (کرێکاران و توێژەکانی خوار چینی ناوەندی لە دژی چینە ناوەندی و باڵاکان) زۆر سەخت دەبێت، ئەوکاتە ئیتر هەموو کۆمەڵگە لە بەرامبەر دەوڵەتدا لاوازدەبێت، تەنانەت ئەگەر چینێکی ناوەندیی بەهێزیش لە ئارادابوو.

بە شێوەیەکی گشتی هاوسەنگییەکان و پەیوەندیی تواناکانی نێوانی چینە باڵا مۆدێرنەکان و ئەرستۆکراتە خاوەن موڵکەکان و جوتیاران (وئەمجا پاشتریش) کرێکارە پیشەسازەکانی ناوشار، ئاڕاستە و پلەی بەرەو پێشچوونی دیموکراسی دیاری دەکەن.

بەڵام کاتێك، کە گواستنەوەی بەرەو سەردەمی پیشەسازی لە ئاستێکی زۆر نزمی گەشەی

کۆمەڵایەتی ئابورییەوە ڕودەدات، واتە لە ئابوریی خێڵەکیی پیشەیی و بازرگانیی سەرەتایی ماوە دوورەوە (دورگەی عەرەبی باشترین نمونەی ئەمەیە) ئەوکاتە سەرهەڵدانی دیموکراسی ئامانجێکی دوورەدەست دەبێت.

پێنجەم: گواستنەوەی مێژوویی بەرەو سەردەمی پیشەسازی، لەوانەیە لەگەڵ خستنەگەڕی ئەو ئاڕاستە بە هێزانەدا ڕێك بێت کە بەرەو بونیادنانی گەل دەخرێنەگەڕ. ئەم هەلومەرجە بۆ بنایادنانی دیموکراسی، یان پەکخەر دەبێت، یان بونیادنەر (ئیتاڵیای مازینی و ژاپۆنی میجی و ئەڵمانیای بسمارك).

هەروەها دەوڵەتانی تاك ڕەگەز هەلی باشتریان دەبێت لەو وڵاتانەی فرەڕەگەز و ڕەنگە بەدەست پەشێویی درێژخایەنەوە بناڵێنن.

- - -

هەموو ئەم پێنج خاڵە تێکەڵەیەکی بۆچوونی سۆسیۆلۆژیی و ئابوری و سیاسی و کەلتوریی مەسەلەی گەشەو بونیادی دیموکراسی دەنوێنن.

کەسێتیی (بارنگتۆن مۆر جۆنییەر) بووەتە نموونەیەکی نەریتیی نزیکخستنەوەی سۆسیۆلۆژییانە (کۆمەڵناسییانە). تێزەکەی ئەو لە تەنها ڕستەیەکدا کورتدەبێتەوە، کەدەڵێ:- بوونی چینێکی ناوەندیی بەهێز دەکاتە دیموکراسی (19).

بەڵام بۆچوونی سیاسییانەی دیموکراسی دەوەستێتە سەر سروشتی دەوڵەت و ڕێژەی سەربەخۆبوونەکەی، یان بونیادە دامەزراوەییەکەی. ئەمەیان ڕوانینی خاتوو (تێدا سکۆچبۆڵ)ە، لەو کتێبەیدا، کە ناوی (دەوڵەت و شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان)ە بوونی دەوڵەتەلاوازەکان، وەك ڕەوشی بەریتانیا لە سەدەی حەڤدەدا، یان دەوڵەتە بەهێزەکان، وەك فەرەنسەی پادشایی لەسەدەی

هـەژدەدا، ڕێگـای دیموکراسـی، یـان پەرەسـەندنی سیاسییانەی نادیموکراسییانە دیاری دەکەن (20).

بەڵام هەرچی بۆچوونە کەلتوورییەکانیشە، هەن، بەڵام بەداخەوە هێشتا کەڵکی ڕاڤەکردنیان نییە. لەبەرئەوەی کە کەلتورەکان کۆمەڵە سیستمێکی مانایی هەڵقولاو و گۆڕاون. بۆچوونی کەلتوری کاتێک بە کەڵك دەبوو، کە لە دووانەییەکەی (فێیبەر) (ڕۆژهەڵات – ڕۆژئاوا) (عەقلانی – ناعەقلانی)، یان ڕۆژئاواو ئەوانی تر ڕزگاری ببوایە. هەندێکی ڕۆشنبیران تا ئاستی سەخافەتی لۆژیکی دەچن، بەوەی کەناتۆرەی وا دەدەنە پاڵ چەند کەلتورێکی دیاریکراو، کە گوایە ئەوانە شکانەوەیەکی مسۆگەریان بەرەو دیکتاتۆری هەیە، و بەمەش کەلتور کرچ دەکەنەوە بۆ سەر ئاین، یان تەنانەت هۆزێك، یان تویژێکی ئەم ئاین، یان ئەو ئاین. (21)

فەیلەسوفە مەزنەکانی یۆنان دیموکراسییان بێزراند، لەبەرئەوەی یەکسانیی نێوانی دەستەبژێرە تێگەیشتوەکان و کۆمەڵە نەزان و سۆزدارەکانی هاوڵاتیانی تری تێدابوو.

ئەفلاتۆن ئەو کەسە دەستە بژێرەبووە، کە خەونی بە (کۆمارە چاکەکار)ەکەی خۆیەوە دەبینی، کە (پادشا – فەیلەسوف)ێك بەڕێوەی ببات (22)

لە ناوەڕۆکی ئەو پێنج فاکتەرەدا، کە باسمان کردن، هەوڵماندا بناغەی ئەو شتانە دابڕژین کە بۆ سەرهەڵدانی دیموکراسی بنچینەیین و بریتین و پەیوەندیی نێوانی دەوڵەت و کۆمەڵگە. دەکرێ نمونە جۆراوجۆرەکانی ئەم پەیوەندییە لە سێ گریمانی ڕووتدا کورت بکرێنەوە: یان ئەوەتا دەوڵەت زۆر بەهێزە و بەمەش دەبێتە سەرۆکی کۆمەڵگەی مەدەنی، یان ئەوەتا دەوڵەت زۆر بەهێزە و بەمەش دەبێتە سەرۆکی کۆمەڵگەی مەدەنی، یان ئەوەتا دەوڵەت لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنیدا لەبارێکی

هاوسـەنگدادەبێ، یـان لـە دواینیانـدا دەوڵـەت لـە کۆمەڵگـەی مـەدەنی لاوازتـر دەبێـت. لـەو بڕوایەشداین کە ئـەم دوو نمونەیـەی دواییـان تـەنها نمونـەی بـواردانی گەشـەکردنی دیموکراسـین، واتـە گەشـی ئەوشـتەی کـە (داڵ) پێیـدەڵێت حـوکمی فرەناوەند (Polyarchy). (23)

لەوەی ڕابورد، هەوڵماندا گەشەی جیاوازی ئـەو نەتەوە جۆراوجۆرانە ئاشکرابکەین، کە پاش ئـەوەی گرفتـی بونیادنـانی دیموکراسـی بوەتـە فـەرزێکی جیهانی، دەبێ چارەسـەرێك بـۆ ئـەو گرفتـەدابنێین. هەندێکی نەتەوەکان لە گەشـی پلەبەپلـەی ڕواڵەتـە جیاوازەکانی فەرمانڕەوایی دیموکراسییانەی چـەندان سـەدەیی لـە دامـەزراوە و پێـوەر و ئیجرائاتـەکان، خەسـڵەت و ڕێگـەی خۆیانیـان هەیـە. نمونـەی ئـەم ڕەسەنانە لەسەر هەڵدانیاندا دەگەڕێنەوە بۆ سـەدەی سیانزە و بۆ (پەیمانی مـەزن Magna Charta) واتـە

ئەو بەڵگەنامە بەریتانییەی (کە لە ساڵی 1215دا خانەدانــەکانی ئینگلیــز جــۆن پادشــایان ناچــارکرد پەسەندی بکات) هەروەها دەگەڕێتــەوە بــۆ کۆمــارە ئیتاڵییــەکانی چــاخی ناوەڕاســت، کــە بــەوە دەناسرێنەوە کە سیستمە بەراییــەکانی هەڵبــژاردنی (تیروپـــشك) یـــان چەســـپاندوە و هـــەر زوو دەســـتەڵاتەکانیان دابەشـــکردووەو دەوڵـــەتیان خستۆتەبەر لێپرسینەوە. هــەروەها پەرلــەمانــە سێ چینییەکەی فەرەنسە کە بە ماوەیەکی زۆر کەوتۆتە پێش شۆڕشەکەی (1789) وە.

یــان بــا کۆمەڵگــەی ئــەمریکی وەربگــرین کــە دیموکراسییە ڕاستەوخۆ ئەسێنییەکەی لەبەرچاوگرت و بەماوەیەکی زۆر پــێش شــەڕی ســەربەخۆیی و لــە ســەدەی حەڤدەیەمــدا گەشــەی کــرد. خۆشــترین شــیکردنەوەی ســەبارەت بــەم پرۆســە مێژووییــە لــە کتێبی (دیموکراسی لــە ئــەمریکا)ی (ئــەلیکیس دو تۆکفیـــل) و کتێبـــی (کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی)ی

(ئاهرنبێرگ)دا دەبینین (24). مەسەلەکان چەندان سەدەیان خایاندوە، پێش ئەوەی نمونەی حوکمێك پێکبێت و کامڵ ببێ کە لەسەر بنەمای دەستور و سیستمی نوێنەرایەتی و بەشداریی گشتیی فرەیی و حوکمی یاساو ئەو ڕەگەزانەی تری دیموکراسی دروست ببێ کە لەسەر ئاستی جیهانی ددانی پێدانراوە، هەر وەرچەرخانێك لەسەردەمێکی کۆمەڵایەتیی سیاسییەوە بۆ سەردەمێکی تر، هەمیشە لە توندوتیژیی لەگەڵدابوەو هەندێجاریش لەپڕو تەمومژاوی بووە.

هەوڵەکانی هێنانە ناوەوەی (چینی سێیەم) بۆ ناو سیستمی سیاسی لە ڕۆژگاری پادشایی ڕەهادا، ئەنجامدانی دوو شۆڕشی لە بەریتانیا خواستوە، ئەوانیش بریتین لە شۆڕشی بەریتانی ساڵی (1654) شۆڕشە نەمرەکەی ساڵی (1696) ئەگەرچی جۆرێك لە هاوکاری و سازشکردن لە

نێوان تاج و خانەدانان و گشتیەکان (دانیشتوانی شارەکان) هەبوەو یارمەتیدەربووە لە ئاسانکردنی لە دایکبوونی دیموکراسییە دەستوورییە نوێیەکەی بەریتانیا.

بەڵام شکستهێنان لەگەیشتن بە ڕێکەوتنی لە مشێوەیە لە فەرەنسەدا، لەسەدەی هەژدە، کە تاجی پادشایی و خانەدانان و چینی سێیەم نەیانتوانی بەو ڕێکەوتنە بگەن، چینی سێیەم پەرگیریی کرد و پەڕگیرییەکەشی لەناو شۆڕشێکی خوێناویدا کۆتاییهات.

دەرکەوتنی (چینی چوارەم) لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستدا، لەنێو توێژە شارییە بێ موڵکەکاندا و داوای بەشداریکردنی سیاسییانەی خۆی، ئەو پشێوییانەی نایەوە، کە دیموکراسیەتە نوێیەکانی ئەڵمانیا و ئیتاڵیای سەدەی بیتسیان هێنایە ئاراوە. لەوانەیە دەرگا ئاوەڵاکردن لە بەرامبەر ژناندا بۆ

بەشداریکردن لە سیاسەتدا تاکە ڕوداوێك بێت، کە وەرچەرخانێکی ئاشتییانەی پێکهێنابێ.

ئەو نەتەوانەی کە زۆربەیان ئەوروپی نین و پیشەسازیش نین و دەبێ شوێنی نمونە جیهانییەکەی دیموکراسی بکەون، لە ڕاستیدا خۆشنوودیی پێویستی پلەبەندییان بۆ دابین نەبووە، بەڵکو چارەی ڕەشیان بەرەو پیادەکردنی خێراو تەمومژاوی و وەرچەرخانی تیژو سەختی ئاکام خراپی بردن. لەسەر ئەم نەتەوانە پێویست بوو، کە هەموو ئاست و پلەبەندییەکانی ئەم گەشەیە بەیەك بازی گەورە ببڕن، دەبوو زەمەن کورت بکەنەوە، بۆیە هەردەبوو گەشەکردنەکە بپەستێننە ناو چاکەتی بەرتەسکی پێویستییەوە هەندێکیان بەشێوەیەکی لاوەکی شکستیان هێنا، یان با بەدەربڕینێکی نەرمتر بڵێین، سەرکەوتنێکی لاوەکییان بەدەستهێنا، هەندێکی تریان ڕووخان، یان لەرزین، یان ملی ڕێگەی

فەوتانی خۆیانیان گرتەبەر. سەدەی بیستەم پڕە لـە تەرمی ئەو نەتەوانەی کە لیبرالیزم شکستی هێناوە لەلایەن، لە هەریەکەی کیشوەرە کۆنەکە (ئـەوروپا) و هەروەها لە وڵاتانی تازە گەشەکردووش.

لــە مــەودای کورتــدا گەشــەکردنی دیموکراســی بازنەیی دەردەکـەوێ: هەڵکـشان و دابەزینـە، واتـە ســەرکەوتن و شکــستە، بــەڵام لەمــەودای درێــژدا ڕاڕەوە گــشتییەکەی ئاســۆیی دەردەکــەوێ (واتــە بەردەوامییــەکی پێکــەوە گرێـدراوە) هـەروەها ئـەو ڕێگایانەش کە دەگەنەوە بە دیموکراسی جۆراوجۆرن. هەندێ نزیکخستنەوەی کۆمەڵناسییانەی دەوڵەتیانە و کەلتوری هەن بۆ لێکۆڵیەوەی چارەنوسی سیاسیی نەتــەوەکان لــە ڕووی ســەرهەڵدان و بونیادنــانی دیموکراســی لــەلایان. ئــەم نزیکخــستنەوانە و زۆر تریش بە ڕوونی ئاماژە بە فرەچەشنیی ئەو ڕێگایانە دەدەن کە دەمانبەنەوە سەر ئامانجەکە، کە ئـەویش بریتییە لە: دیموکراسی.

بەرفراوانبوونی ئێستەی ڕیفۆرمکردنی دیموکراسییانە، کە لە سایەی هەلومەرجی جیاوازدا و بەشێوەیەکی بێشومار لەسەر ئاستی نیشتمانی و هەرێمایەتی و جیهانی دێتەپێش و لە چەندان کۆمەڵگەدا دەست پێدەکات کە هەریەکەیان هێندەی ئاسمان و ڕێسمان لە ڕووی پێکهاتەی کەلتوری کۆمەڵایەتییەوە لە یەکتر دوورن، وایکردووە، کە ئامرازی ورد بۆ پشکنینی گەشەی دیموکراسی و شیکردنەوەی فاکتەرەکانی پەیدابن.

نوسەرانی کتێبی (دیموکراسی لە وڵاتەتازە پێگەیشتوەکاندا) لەگەشتی گەورەی ئەو کتێبەیاندا باس لە کۆمەڵێك ئاڵۆگۆڕی سیاسییانەی دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتی دەکەن بۆ بەراوردکردنی کیشوەرەکانی ئەفریقا و ئاسیا و ئەمریکای لاتین، یان بەراوردی نێوانی یەکەیەکەی وڵاتەکانی ناو هەرێمێك یان کیشورەێك دەکەن.

ئـــەوان میراتـــی کۆلۆنیالیزمیانـــەی کـــەلتوری سیاســـی و شـــەرعیەت و دامـــەزراوە و بونیـــادە سیاسیەکان و پەیوەندیی نێوانی دەوڵەت کۆمەڵگـە (کۆمەڵگـەی مـەدەنی) و دەوروبـەریان داوەتـە بـەر لێکۆڵینەوە. (25)

ئایـا لـە سـەرەتای سـەدەی بیـست و یەکـدا دیموکراسی چۆن دێتە بەرچاو؟

بەپێی (فیلیپ. س. شمیتـەر و تێـری لـین کـارڵ) دیموکراسی، واتـە ئـەو شـتەی، کـە ئـەوان هـەر بـە زاراوەکـانی (دڵ) پێیـدەڵێن (حـوکمی فـرە ناوەنـد) بریتییە لە (سـیستمێکی فـەرمانڕەوایی، کـە تێیـدا هاوڵاتیـان، بەرپرسـیاران سـەبارەت بـە کارەکانیـان دەخەنـە بـەر لێپرسـینەوە) و تیایـدا هاوڵاتیـان بـە شـــێوەیەکی ناڕاســـتەوخۆ و لـــە ڕێگـــەی نوێنەرەکانیانەوە کێبەرکێ دەکەن. (26)

دەرککـردن بـەوەی کـە دیموکراسـی تـەنها یـەك سیستمی کارکردنی دامەزراوەیی نییـە، بـەڵکو لـە

چــــەندان شـــێوەی ئـــەوە پێکـــدێت و کـــرداری جۆراوجۆریشی هەیە، ئەمە مانای وایە ئەو ڕەگـەزە سەرەکییانەی کە دیموکراسیەت پێناسەدەکەن بریتین لە:-

دیموکراسی سیـستمێکی فەرمانڕەواییـە، لەسـەر کۆمەڵە ڕێسایەکی تۆمارکراو دادەمەزرێ (دەستور) بـــۆ پڕکردنـــەوەی پۆســـتەکانی حکومـــەت و ملکەچکردنی فەرمانڕەوایان بۆ لێپرسینەوە، و دان نـان بەدەستەڵاتەکەشیاندا، لەوکاتـەدا کـە پۆسـتە ڕەسمیەکانیان بەدەستەوەدەگرن.

دیموکراسی بەوەدا جیادەکرێتەوە، کـە گۆڕەپـانێکی گـشتیی هەیـە، بڕیـار لـە پێـوەرە گـشتیەکان و ئـەو هەڵبژاردنانە دەدات کە بۆ هـەموو کۆمەڵگـە فـەرزن و بەهێزی دەوڵەت پشتگیرییان لێدەکرێت.

هاوڵاتیـــان دیـــارترین ڕەگـــەزەکانی نـــا دیموکراتییەتەکانن. واتە داننانێك بە هەموو ئەنـدامانی

کۆمەڵگەدا هەیە، کە ئەوانە ئەندامی یەکسانن بەبێ بوونی هیچ کۆت و بەندێك لە پێشیان بۆ بەدەستەوەگرتنی پۆستی حکومی، یان بەشداریکردنیان لە سیاسەتدا، بەبێ جیاوازیکردن لە نێواندا بەپێی پێوەرەکانی تەمەن، ڕەگەز، چین، ڕەگەز، خوێندەواری، موڵکداری و توانای باجدان. منافەسە فاکتەرێکی بنچینەیی ناو دیموکراسیی نوێیە بۆ دروستکردنی بڕیار و بۆ هەڵبژاردنە ڕێکخراوەکان و مافی هاوڵاتیان بۆ کاریگەری خستنەسەر سیاسەتی گشتی، بەبەکارهێنانی ئامرازی تری وەکو (کۆمەڵەکان و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و شتی هاوشێوەی تر). دیموکراسی کار بە حوکمی زۆرینە (زۆرینەی زیاتر لە 50٪) دەکات، یان بۆ پاراستنی مافی کەمینەکان، یان پاراستنی ڕیزبەندییە دەستوورییەکان کار بە حوکمی زۆرینەی وەسفکراو دەکات (واتە دوو لەسەرسێ) زۆرینەی وەسفکراو پێویستی بە لیستی مافە مەدەنییەکان هەیە، یان پێویستی بە کۆنفیدراڵی،

یان فیدراڵی، یان تەوافقی (27) یان هاوبەشـی هەیـە. هـەر شـێوازێك لـەم شـێوازانەش پێویـستی بـە چـەند مەســەلەیەکی دیــاریکراو هەیــە، وەکــو (بڕیــار، هەموارکردنی دەسـتوری، و شـتی تـری لـە مـشێوەیە) ئەمانەش دەبێ دووربن لە چەمکی (زۆرینـەی سـادە). هــەروەها پێویــستی بــە هاوکــاریی نێــوانی کــارا سیاسییەکان هەیە بۆ داڕشتنی بڕیارە بە کۆمەڵـەکان. (28)

جگە لە مانەش چێوەیەکی ئیجرایی هەیـە، کـە کەمترین ڕەگەزەکانی بریتین لەمانەی خوارەوە:-

1ـ کـۆنترۆڵی بڕیـارە سیاسـییەکانی حکومـەت بــەپێی دەســتور دەدرێتــە دەســتی دەزگــا هەڵبژێردراوەکان.

2ـ بەرپرسە هەڵبـژێردراوەکان لـە هەڵبـژاردنی دووبــارە و داد پەروارانــەدا هەڵدەبژێردرێنــەوە و زۆرەملەییشی بەشێوەیەکی ڕێژەیی تێدانابێت.

3ــ هــەموو کەســە پێگەیــشتوەکان لــە ڕووی کردارییــەوە مــافی هەڵبــژاردنی بــەر پرســیارانیان هەیە.

4ــ هــەموو کەســە پێگەیــشتوەکان لــە ڕووی کردارییەوە مافی بەدەستەوەگرتنی ئـەو پۆسـتانەی حکومەتیان هەیە، کە بە هەڵبژاردن دەبردرێنەوە.

5ـ هاوڵاتیان مافی ڕادەربڕینی خۆیانیان هەیە، بــەبێ ئــەوەی ترســی ئــەوەیان هــەبێ بــەر ســزای توندبکەون.

6ــ هاوڵاتیــان مــافی ئــەوەیان هەیــە بــەدوای سەرچــاوەی تــری زانیاریــدا بگــەڕێن، جگەلــەوەش سەرچاوە ئەڵتەرناتیڤەکانی زانیـاری خۆیـان هـەن و بەپێی یاساش پارێزراون.

7ـ هاوڵاتیان ئەو مافەشیان هەیە، کە کۆمەڵـە و ڕێکخــراوی نیمــچە ســەربەخۆ دروســت بکــەن، بـــەحزبی سیاســـیی ســـەربەخۆ و کۆمەڵـــە خێرخوازەکانیشەوە. (29)

لــــە بەرامبـــــەری ئـــــەم پێوەرانـــــەدا، زۆری دیموکراسییە نوێیـەکان (ئەوانـەی تـازە دەرکـەوتون) پـووچ، یـان نیمـچەپووچ بـون، یـان سـەرکەوتنێکی سنورداریان هەبووە لێرەوە دەبینین زۆری دەوڵـەتانی تازەگەشـــەکردوو، وەکـــو کـــەمێکی دەوڵـــەتانی ناوەڕاستی ئەورپا تۆمارێکی خراپیان هەیە، هەرچی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشە، لەوە تاریکترە. (30)

بـــەپێی پێوەرەکـــانی یانـــەی ئـــازادی بـــۆ هەڵسەگاندنی ڕەوشی ئازادییە سیاسییەکان (PR) و ئازادییە مەدەنییەکان (CL) پلەبەندیی ئازادییەکان بەمشێوەیەیە:

لـە کـۆی نـۆزدە دەوڵـەتی عـەرەبی و ئێـران و تورکیا و ئیسرائیل، هەشـتیان بـە شـێوەی لاوەکـی ئـازادن، شەشـیان ئـازادنین، تـەنها یـەك دانـەیان ئازادە، ئەویش ئیسرائیلە.

لەو شەشەی کە واباسکران ئـازادنین، هـەموویان تـابڕێکی زۆر لـە ئـازادی بێبـەرین، یـان ئازادییـە سیاسی و مەدەنییەکانیان تێدا نەهێڵراوە. عێـراق و سعودیەی عـەرەبی و سـوریە و لیبیـا لـە خـراپترین باردابوون (32) سعودیە و لیبیا مێژوویەکی درێژی کەشی خێڵەکیی پێش دەرکەوتنی سیاسەتیان هەیـە و لـە سـایەی کۆمەڵـە ڕژێمێکـی فـەرمانڕەوایی میراتیی سوڵتانیی کاریزمیدا ژیاون.

لە ساڵی (1971)دا لیبیـا چووەتە کۆمەڵـەی دەوڵـەتانی دەسـتەڵات سـەربازیی دەسـتەڵاتخوازەوە عێـراق و سـوریا سـەربە کۆمەڵـەی ڕژێمەیـەك حزبییـەکانن. سـودانیش ئێـستە حکومـەتێکی دەسـتەڵاتخوازی سـەربازی حـوکمی دەکـات، ڕابوردوویەکی هەیە هـەر لـەو حوکمـە میراتگرییـە سۆفیگەرانەیە دەچـێ کـە لـە لیبیـادا چووە سـەر حـوکم. لـە کوەیـت و تورکیـا و ئـوردن تێپـەڕێت

هەموو دەوڵەتانی دەوروبەری عێراق یـەك سروشـتی بێ دیموکراسییانەیان هەیە.

## پەراوێزەکان:

1ــ دەوڵـەتی، یـان دەوڵـەتخوازی بیرۆکەیەکـە دەوڵـەت لـە سەروی هەمووشـتێکەوە دادەنێـت و بـەناوی پارێزگـاریکردن لـە دەوڵەت، وەك پرەنسیپێکی زۆر باڵا، گەلەکەی پێشێل دەکات.

**2. Eric hobawm, the age of extreme, a history of the world, 1914 – 1991- pan the on books, New york p. 109 – 110 and 111.**

**3. See larry diamond, juan j. linz and Seymour marin lipset, (eds) demo cracy in developing countries, vol.2 africa, vol.3 asia and vol.4, lat in America, lynn rienner publishers, boulder Colorado, 1989.**

**4. for example Samuel Huntington, the third wave, democratization in the late twentieth century, ok lahama university press, 1991.**

**Francis fuku yama celebrated this turn in his:**

**The end of historym and the last man, penguin 1991.**

**This is one of the opening remarks the historian – eric hobsbawm advances in his age of extremes.**

**6. adam smith, the wealth of nations, penguin; (first published 1776) 1986. on the French school of liberal economists, known as the physio crats, see karl marx, theories of surplus value, Moscow, progress publishers, vol.1, (1963) 1975, p, 44 and passim.**

**7. John micklethwait and Adrian Wooldridge, a future prefect, the essentials of glolaalization, crown business, ny. 2000, p.17, 167 – 171.**

**8. On the nationalistic aspects of totalitarian Nazism and fascism relative to nationalism, see hans kohen, nationalism is meaning and history. Van**

**nostrad, Princeton, new jersey, (1995) 1965, p-70-1, 73-80.**

**9. according to E. Gellner, nations and nationalism, Black well, oxford, (1983) 1992 p.44.**

**10. Guillermo O'Donnell, philipe C. schmitter and Lawrence white head (eds). Transitions from authoritarian Rule; prospects for democracy, 4 volumes john Hopkines university press, Baltomore 4 volumes john hopkines university press, Baltimore and, 1986. also: John H. Herz, From dictatorship to Demcracy, coping with the Legacies of Authoritarianism and totalitarianism, Green wood press, wesport, conne cticut, 1982; Juan. J. linz and Alfred stepan, problems of democratic Transiton and consolidation, southern Europe, south America and post communist Europe, the John Hopkins university press, Baltimore and London, 1996.**

**11. David Held, models of Democracy, polity press, Cambridge, (1996) 2nd. Edition, 1999. for the schema of these modeles see pages: 33, 55, 61, 99, 116, 152, 197, 217, 261, 271, 324 and 358.**

**12. seem Ronald J. Terchek and Thomas C. conte (eds.) Theories of Democracy. Rowman and Litefield publishers, Lan ham, Boulder, NY and oxford, 2001.**

**Fareed Zakaria. The Rise of Iiberal Democracy, Fpreign affairs, November, 1997 P. 22 – 43.**

**13. Emitai Etizoni, from empire to community, A new Approach to International relations, palgrave, Macmillan. 2004.**

**See also, paul hirt and Grahame Thompson globalization in Question, polity, Cambridge (1996) 1999.**

**Mike Featherstone (ed), Global culture, nationalism globalizm, and modernity, sage publishers, London 1990.**

**14. In our Global Neighbour hood, The report of the comission on global governance, Oxford University**

**Press 1995, We find cletailed accounts on how respect for life, liberty, Justice and equality, caning, integrity…. Among the manifestation of modern life is the growth and spread of a global civil socity. See Helmut Anheier, marlis Glasius, mary Kaldor (eds). Global civil society 2001 and 2002. Oxford University, press, 2001 and 2002.**

**15. Philipe C. schmitter and Terry lynn Karl, what democracy is… and is not, Journal of demo cracy, vol. 2, no3, summer 1991. 75-88.**

**16. Perhaps Thomas Hobbs was, after Grutius, The major theoretician of "social contract" the term convenant has an ecclesiastical connotation, derived as it were from the Old Testament. But Hobbs convenant is wortdly and mundane.**

**See Thomas, Hobbs, The leviathan,edited with anintroduction by C. B. Macpherson, penguin, (1951) 1985 P. 567 – 575 and passim.**

**17. Montesquieu, op. cit., P. 156 and passim Alexander Hamilton, James Madison and John Jay. The Federalist papers. 1788 Mc lean edition, NY. New American liberary, 1961.**

**18. A. Tocqueville. Democracy in America; translated by: Henry Reeve, London, Oxford University press 1959. see also. John Ehrenberg, civil society, The Critial History of an Idea, Ny. University press, New york, London, 1999.**

**19. Zbigniew Brzezinski, Between Two Ages, America's role in the Technetronic Era. Penguin Books, 1970.**

**20. Barrington Moore Jr., social origins of Dictator ship and Democracy, Lord and peasant in the making of the Modern world, Beacon press, Boston 1996. p. p 418, 420.**

**21. I cannot think of a better example than theda skocpol's state and social revolution; and, social Revolution in the Modern world.**

**22. Weber considered rational capitalism; and, liberal political systems as peculiar to the west.**

**Seem The protestant Ethics and spirit of capitalism, Translated by: Talcott parsons, introduction by; T. Giddens. London (1930) 1991.**

**23. Aristotle: The politics, penguin Books, Translated by: T. A. Sinclair. Revised and represented by: Trevor J Saunders, 1981, p. 189 – 190.**

**24. see further below:**

**25. Ehrenbery, op. cit. p.199 and passim.**

**26. Diamond, linz and lipset, op. cit., V.2, pp. 25.**

27ـ تەوافقی **concociatima** و هاوبەشی **corporatism** دوو شێوازی بەڕێوەچوونی **lism** سیستمی سیاسین، یەکەمیان لەسەر ئەوە ڕادەوەستێ، کە نابێ زۆرینە بەبێ ڕەزامەندیی بچوکەکان بڕیار بدات، بەڵام هاوبەشی بریتییە لەوەی کە دەبێ بڕیاردان لە سیاسەتە ئابورییەکان بەڕەزامەندیی هەر سێ لایەنی دەوڵەت و خاوەنکارەکان و سەندیکای کرێکاران بێت.

**28. Schmitter and Karl, op. cit. p. 76.**

**29. Ibid., p. 76 -80.**

**30. Ibid., p81.**

**31. Diamond, linz and lipset, op. cit., p.m v.2 p.5 and passim.**

**32. On the cultural approach on democracy in the meadle east, see elie kedourie, democracy and the arab political culture, a Washington Institute monograph, 1992.**

**See also: yehuda mirsky and matt ahrens (eds.) Democracy in the meadle east, defining the challenge, A Washington Institute. Monograph. 1993.**